هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پلاندانان
نووسینگەی وەزیر

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Planning
Office of the Minister

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التخطيط
مكتب الوزير

No: 2
Date: 7/1/2016

ژمارە : ٢
بەروار : ١٧/بەفرانبار/٢٧١٥ کوردی
: ٢٠١٦/١/٧ زایینی

وەزارەتی پلان دانان
دەرچوو - تایبەت
ژمارە ............
بەروار ............

## (ڕێنمایی ژمارە -١-)

بە مەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە بەرواری (٢٩-١١-٢٠١٥) برگەی سێیەم پێویستە لە سەر گشت وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بکەن کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری ئامادەکراوە:

### یەکەم/ کۆتایی پێهێنانی پرۆژە:

ئەو پرۆژانەی کە لە برگەی یەکەمی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٠٥١) لە بەرواری (٢٩-١١-٢٠١٥) کە خاوەن کار (وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) و بەڵێندەر دەیانەوێت کۆتایی بە گرێبەستەکەیان بهێنن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- پێویستە بەڵێندەر بە نوسراوی فەرمی داوا لە وەزارەتی پەیوەندیدار (خاوەنکار) بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی پرۆژەکە.

٢- پاش ڕەزامەندی وەزارەتی پەیوەندیدار (خاوەنکار) بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە دەبێت فۆرمی زانیاری پرۆژە بۆ کۆتایی هێنان بە گرێبەست کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانان ئامادە کراوە پر بکاتەوە لەگەڵ داواکاری بەلێندەر بۆ وەزارەتی پلاندانان بە نوسراوی فەرمی ڕەوانەی بکات بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی.

٣- پاش پەسندکردنی وەزارەتی پلاندانان بە کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکە پێویستە خاوەنکار لیژنەیەک پێکبهێنێت بە فەرمانی وەزیر، پارێزگار، سەرۆکی ئیدارە یاخود سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی جێگرکردنی باری پرۆژەکە (تثبيت واقع الحال) و ئامادەکردنی پاکتاوی دارایی . نوێنەری بەڵێندەر لە لیژنەکەدا بەشدار بێت .

Kurdistan Region, Erbil, 60st.,
Near Council of Ministers' Building, Tel.: (066) 2230170
E-mail: archivemop@gmail.org
هەرێمی کوردستان، هەولێر، شەقامی شەست مەتری،

٤- لە کاتی ئامادەکردنی پاکتاوی دارایی تەنها ئەم خەرجیانە ئەژمار بکرێت :

أ- ئەژمارکردنی ئەو کارانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون بە پێی ئەو کرێ و نرخانەی لە بەڵێندەرایەتیەکە هاتوون .

ب- تێچووی کێشانەوەی ئامێرەکان و کرێکاران لە ئەستۆی بەڵێندەر دەبێت و نابێت لە پێوانەی کۆتایی ئەژمار بکرێت .

ج- ئەو کەل و پەل و کەرەستانەی کە بۆ بەکارهێنان لە پرۆژەکە راسپێردراون بۆ خاوەنکار بگەرێندرێتەوە و تێچووەکانیان لە پاکتاوی کارەکان ئەژمار بکرێت.

٥- وەزارەتی پەیوەندیدار پێوانەی کۆتایی هێنانی پرۆژەکە ئامادە بکات و شایستە داراییەکانی بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ خەرج بکرێت و وەزارەتی پلاندانان لێ ئاگادار بکاتەوە بە هەبوونی تەرخان لە لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی پلاندانان.

٦- بۆ هەر پرۆژەیەک کە بڕی شایستەی کۆتایی بەڵێندەر کە لای خاوەنکارە زیاتر بێت لە (٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پێنج سەد ملیۆن دینار دەبێت ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەربگرێت .

٧- گەڕانەوەی (ئەمانات)ی ئەو پرۆژانەی کە کۆتاییان پێدەهێنرێت بە شێوەی چەک.

٨- خاوەنکار کاری پێویست ئەنجام دەدات بۆ پاراستنی پرۆژەکە و ئەو کەل و پەل و کەرستانەی کە بۆ بەکارهێنانی پرۆژەکە کە لە شوێنی پرۆژەکەن یاخود لە هەر شوێنێکی تر بێت .

٩- بەڵێندەر دوای کۆتایی هێنان لە لایەن دادنووسەوە بەڵێن بدات بە حکومەت کە داوای قەرەبوو نەکات.

## دووەم/ ماوەی زێدەکی:

أ- خاوەن کار (وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ماوەی شایستە دەبەخشێتە بەڵێندەر دوای لێدەرکردنی بڕی (٢٤٠) دوو سەد و چل ڕۆژ قەرەبوو کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەژمارکراوە .

ب- بەڵێندەر داوای قەرەبوو نەکات و بۆ ئەم مەبەستە بەڵێننامەیەك لە لایەن دادنوسەوە بدات بە (خاوەنکار) .

وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان لە کاتی پێویستدا ڕێنمایی تر لەسەر فەرمانی (۹۰۵۱) دەردەکات .

د. علی سندی
وەزیری پلاندانان

وێنەیەك بۆ:

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆکایەتی دیوان/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان/ سەرۆکایەتی دیوان/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆک وەزیران/ فەرمانتان لە سەرەوە بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)/ نووسینگەی بەڕێز پاریزگار/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی دادوەری/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوان/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیان/ نووسینگەی بەڕێز سەرپەرشتیاری ئیدارە/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتیەکانی (بەڵێندەران، ژووری بازرگانی، وەبەرهێنەران، ئەندازیاران)/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکاکانی(ئەندازیاران، پارێزەران، ژمێریاران و ووردبینان)ی کوردستان/ بفەرموون بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا.
- ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی وەزیر.
- نووسینگەی بریکاری وەزارەت.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان.
- بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان.